# گرووپی بەناو حیزبی بەناو كۆمۆنیستی بەناو كرێكاری بەناو عێراقی بۆ لەدژایەتی كردنی خەڵكی كوردستان واز ناهێنن

بۆبیر هینانەوەی هیدایەتی مەلاعەلی

ئاسۆ



ئەم مانشێتەی سەرەوە هی برای نووسەر كاك "ستران عەبدوڵڵا"یە لەرۆژنامەی كوردستانی نوێدا بلاوكرایەوە لەساڵی 2000 دا ئەوكاتەی كەئەم مانشێتەم خوێندەوە زۆر نیگەران بووم كەبرای نووسەر بۆ وا هێرش دەكاتە سەر حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری بەلام بەتەجروبەو نزیكایەتیم لەگەڵ ئەم گرووپە بۆم دەركەوت كەئەم گرووپە گرووپێكی تاسەر ئێسقان دژی ویستو خواستی خەڵكی كوردستانن لەساڵی 2000دا كاتێك ئەم گرووپە لەلایەن هێزەكانی ئاسایشی سلێمانی بارەگاكانیان داخرا لەدەرەنجامی سیاسەتی هەرزەكارانەیان بەیانێكیان بەناوی مەكتبەی سیاسییەوە بلاوكردەوە لەكۆتایی بەیانەكەدا دەڵێن حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق درێژە بەخەباتی خۆی ئەدا لەپێناوی كوردستانێكی ئازادو سەربەخۆ .خۆ ئەگەر لەدوای ساڵی 2000 وە سەیر بكەین ئم گرووپە شێواوە بەردەوام دژایەتی خواستو ویستی خەڵكی كوردستانیان كردووە لەرۆژنامەی (میدیا)دا چاوپێكەوتنێك لەگەڵ (رێبوار ئەحمەد) ساز كراوە. رێبوار لەوەلامی پرسیارێكی رۆژنامەكەدا كەئایا پەرچەمی كوردستان پیرۆزە بەلای گرووپەكەی رێبوارەوە؟ لەوەلامدا رێبوار ئەحمەد ئالای كوردستان بەرەمزی كۆنە خوازی سەیر دەكات زۆر بێشەرمانە دەڵێت كە ئالای كوردستان رەمزی كۆنە خوازییە لێرەوە بۆمان دەردەكەوێت كەئەم گرووپە شێواوە ئەگەر دەسەلاتیان هەبووایە یەكەم كار كەدەیان كرد داگرتنی ئالای كوردستان بوو. كەرەمزی نەتەوایەتیمانە. رێبواری سەرلێشێواوی كۆمۆنیست لەو دیدارەدا زۆر شت ئەڵێ. كە ئەگەر بیخوێنیتەوە هەست دەكەیت كەئەم برادەرە خۆشی نازانێ چی ئەڵێتو باسی چی ئەكات لەلایەكەوە فرمێسكی تیمساحی بۆ خەڵكی كوردستان دەرێژێو دەڵێت كوردستان دەبێت سەربەخۆ بێت لەلایەكی ترەوە ئالای كوردستان بەرەمزی كۆنە خوازی دادەنێت.

گرووپی بەناو حیزب:

ئەم گرووپەی كە خۆیان ناوناوە حیزب زۆرباش ئەو راستییە دەزانن كەدروست بوونی پارت زەمینەی هەیەو ئامانجو سیاسەتی راستو دروستی هەیە بەلام كاتێك ئەم گرووپە خۆیان راگەیاند بەناوی حیزبەوە دواتر لەكاركردنو ئیشكردنیاندا نەك هەر ئامانجو سیاسەتیان راستو دروست نەبوو بەڵكو نەشیان دەزانی كەلەچ سوچێكی ئەم دنیایەدا حیزب رادەگەیەنن ئەمانە خۆشیان باوەڕیان بەخۆیان نەبوو كەحیزبیان هەیە..

جەمال موحسین كەئەندامی كۆمیتەی ناوەندیانە لەساڵی 1998 ئەوە خەریكە دەبینە حیزب ئەوكاتە زۆر پێكەنیم دوای چەند ساڵ لەراگەیاندنیان تازە بەتازە لەزاری كۆمیتەی ناوەندیانەوە دەڵێن خەریكە دەبینە حیزب وە هەموو كۆششو هەوڵێكیان بۆئەوە بوو كە خەڵكی باوەڕیان پێ بكات كەئەمانە حیزبن بەلام ساڵ لەدوای ساڵ ئەم گرووپە گۆشەگیرو لاوازتر دەبون تەنانەت چەند رێكخراوێكی جەماوەری كە لەدەوریان بوو وەك یەكێتی بیكارانو خوێندكارانو ئافرەتانی سەربەخۆ هەموویان تەفرو توناكرد وەئەوەی كەرەخنەی لەگرووپەكەیان

بگرتایە دەریان دەپەڕاندو بەنۆکەرو بەکرێگیراوی یەکێتیو پارتیان دەزانی بەم جۆرەش جەمال موحسنو ئاسك ئەحمەد ئەمسالەکانیان دەرگای ئەو ڕێکخراوانەیان داخستو لەکارو چالاکیان خستنو کردیانە تەشکیلاتی گروپەکەیان.

جگە لەوەش سەرکردەکانی ئەم گروپە دەوری عەسابەیان دەبینیو بەهەر چوار لادا هەڕەشەیان دەکرد چەندین دەوری سەربازیان دروست کرد کە سەربازەکانیان لەپەنجەی دەست تێ نەدەپەڕین ئەو سەربازانەش ئەو عەرەبانە بوون کە لەتاو زوڵمی ڕژێمی عێراق هەڵهاتبونو لەکوردستان لەنێو بازاڕی شاری سلێمانی دا بێ ئیشو کار دەسوڕانەوەو زۆربەیان خوێنی خۆیان دەفرۆشت بۆئەوەی نەمرن لەبرسا ئەوکاتە ئەم گروپە ئەوەی بەهەلٚ زانیو ئەم خەڵکانەی بانگ کردو جلوبەرگی سەربازی لەبەرکردنو (15) ڕۆژ جارێك ئاهەنگێکی دەگێڕاو ناوی دەنا خولی دەرچوانی سەربازی کەهەر دەورەی لە 5 کەس تێنەدەپەڕی لەڕادیۆکەیانەوە ئاهەنگەکە پەخش ئەکراو تاهر حەسەن هاواری دەکردو دەیووت ئەم دەورەیە قەڵای دیفاعە لەخەڵکی کوردستانو چینی کرێکاری عێراقو کوردستان گاڵتەجاڕییە کەش لەوەدا بوو کەئەوانە عەرەب بونو تاهر حەسەن بەکوردی قسەی بۆیان دەکرد بێئەوەی یەك کەس لەو چەکدارە عەرەبانە بزانێت تاهر حەسەن چی دەڵێت لەوەش گاڵتەجاڕتر هەفتەیەك دوای دەورەکە ئەو چەکدارانە هەڵدەهاتن بەهەر هۆیەکەوە بووبێت کەزوربەیان دزیان دەکرد یان چەکەکەیان دە فرۆشت یان فیشەکەکان ناحەقیشیان نەبوو چونکە ئەم گروپە نانی بۆ دابین نەدەکردن هەرکەسێك سەری بەو بارەگایەدا بکردایە دەیزانی چ باسە هەر لەدەرگاکەوە یان داوای جگەرەیەکت لێدەکرا یان داوای یەك دینار وردە بەڵێ حاڵی ئەم گروپە ئاوها بوو وەئەوەی کە های لایڤ دەژیا لەنێو ئەم گروپەدا تەنها ئێرایەکان و سەرانی ئەم گروپە بوون ئێرانیەکان باشترین پارەو باشترین وەسائیلی ژیانیان بۆ دابین کرابوو جگە لەوەش چاویان لەوەبوو چۆن هاوسەرەکان لەیەك بکەن ئەم ئێرانیانە نەریتێکی تازەیان لەنێو گروپەکەدا دروستکرد. ئەویش جیاکردنەوەی ژنو مێردەکان لەیەکتری وە هەموو ئەو ژنانەی کەلەنێو حیزبی کۆمۆنیسدا بوون پێیان دەوترا ئێوە کۆمۆنیستن دەبێت لەهاوسەرەکانتان جیاببنەوە چونکە پیاوەکانتان کۆنەپەرستن سەیرە کە لەوەدا بوو هەموو ئەو پیاوانە کادرانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بوون نمونەش بۆئەوە (32) حاڵەتی جیابوونەوە هەبوو , کەئەمانە هەمووی بەدەسایسی ئێرانیەکان بوون هەرچیەکیش کە ئەم ئێرانیانە بیان وتایە پیرۆز بوو قابیلی نیقاش نەبوو بەقەولی خۆیان مەوازنەو پرەنسیپی کۆمۆنیستییە.

ئەم گروپە سەرلێشێواوە کەناوی خۆیان نابوو حیزبی خەباتکار لەپێناوی چینی کرێکارو خەڵکی کوردستان کارو کاسبیان دروستکردنی کەیس بوو بۆ ڕاکردن بۆ ئەوروپا من بۆ مێژوو ئەو قسەیە دەکەم لێدانی حیزبی کۆمۆنیست لەلایەن ئاسایشەوە یەکێك بوو لەئامانجە ستراتیژەکانی. ئەم گروپە. سەیرێکی مێژووی ئەم حیزبە بکەن لەچەندین ساڵ ئیشکردنیان چیان کردووە لەساڵی 1999 تاهر حەسەن بەچەند کادرێکی وت ئێوە هەڕەشە لەمەلاکان بکەن ئەمە بۆ ئایندەشتان باشە بۆ **UN** ئەوەبوو چەندین کادری وەك سروود و رزگار نامەی تەهدیدیان هەڵئە دایە ماڵی مەلاکانەوە وەشەوانیش چەندین خەڵکیان کۆکردەوە بۆئەوەی لەشەواندا پەلاماری ئەو خەڵکانە بدەن کەتەپڵی ڕەمەزان لێدەدەن چەندین خەڵکی قوڕ بەسەر تەپڵەکانیان دەدڕاندو چی پارەیان لەگیرفاندا بوایە لێیان دەساندن تا ئاسایشی سلێمانی بەم کارەی زانی سرود دەستگیر کراو ئەویش ڕاستییەکەی لەسەر تاهر حەسەن وت بەڵام ئەم گروپە بەوەشەوە نەوەستان چەند کچێکی بەناو کادریان هان دەدا کەبەجلوبەرگی کورتەوە بچنە ناو بازاڕ چەند کوڕێکیان دوا دەخستنو شەڕێکیان لەناو بازاڕدا دەنایەوەو بەسەروچاوی شکاوەوە دەهاتنەوە دواتر لەرادیۆوە دەیان کردبە هەرا سەرۆکایەتی ئەم کارەش لەئەستۆی

ئەکرەم عەبدوڵڵا بوو کەناسراو بوو بەئەکرەم مەخفی جا سەیر کەن ئەم کارو کردەوانە هی حیزبێکە یان گروپێکی سەرلێشێواو

## ئایا ئەمانە کرێکارو کۆمۆنیستن

ئەم گروپە کەناوی خۆیان نا کۆمۆنیستی کرێکاری وەك خەڵکی سلێمانی دەڵێت حەیای کۆمۆنیستیشیان بردووە وە ناوی کۆمۆنیست بەشێوەیەك سوك کراوە کە لەم کوردستانە بڵێی کۆمۆنیستم خەڵکی بەرەو روو تێر پێت رائەبوێرن لەساڵی 1998 ئەمانە لەلایەن یەکێتی‌یەوە پارەیان پێدەدرا کەبڕەکەی 200 هەزار دینار بوو جگە لە 65 بەرمیل نەوت وە لەوانە خانووی‌یەکە بڕەکەی 500 هەزار دیناری سویسری بوو لەگەڵ تەلەفۆن‌و 50 هەزار دینار ئەم کۆمۆنیستە مرۆڤ دۆستانە لەسەرەتاوە بانگەشەی ئەوەیان کرد کە ئەم پارەیە مافی خەڵکی کوردستانەو دەبێت بگەڕێنرێتەوە بۆ خەڵك.

بەم شێوەیە کادرو ئەندامەکانیان هێندەی تر رەش‌و رووت‌و بێ ئیرادە کرد لەراستیدا ئەم پارانە کەدەهات دەچووە گیرفانی سەرانی ئەم گروپە وشیاری بڕای رێبوار عارف کەئێستا سکرتێری فیدراسیۆنە پێی وتم چەکدارێکم ناردووە بۆئەوەی پارەی بۆ سەرف بکەن لەبەرئەوەی نەخۆشە پێیان وتووە پارەمان نییە لەکاتێکدا من ئەمڕۆ (200) هەزار دینارم لەئەنجومنی وەزیران وەرگرتووە کەمینحەی حیزبە منیش پێم وت کاك وشیار بەڕاست وایە وتی کاکە من دوای ئەوەی ئەم چەکدارە گەڕایەوە خۆم چووم پێم وتن بۆ پارە بەو چەکدارە نەدراوە ئەوانیش وتیان پارە نیە منیش شەقم لەفەردە پارەکە هەڵداو وتم ئەی ئەوە چییە. بەڵێ ئەم حیزبە ئینسان دۆستە ئاوها مامەڵەی لەگەڵ کادرو ئەندامەکانی دا دەکرد بەشێوەیەك پارەو پوولی ئەو حیزبە لەنێو دەستیان بوو کەئامادە نەبوون تەنها مەسرەفی چەکدارەکانیشیان بکەن کار گەیشتە ئەوەی پاسەوانەکانی رادیۆکەیان گژوگیای سەر ئەو گردەیان دەکولاندو دەیانخوارد شەوانی سەرانی ئەم گروپەش خواردنی ماسی‌و بیرەو ویسکی بوو کەشەوی خۆی ئەدا لە (5) هەزار دینار.

**ئایا ئەمانە عیراقین**

ئەم گروپە لەسەرەتاوە وایان نیشان دا کەئەمانە لەسەر ئاستی عێراق ئیش دەکەن بەڵام لەڕاستی‌دا کارو کردەوەیان هێرش کرنە سەر حیزبە کوردیەکان بوو دەرچوونی رۆژنامەو بڵاوکراوەکانیان ئەو راستی‌یەی نیشان ئەدا ئێستاش سەیر بکەن ئەم گروپە شەووو رۆژ پێمان دەڵێن ناسیۆنالیزم شەرمەزاری‌یە بۆ کورد. ئەمانە نەحیزبن نەکۆمۆنیستن نەکرێکاری‌ین نەعیراقیشن وەك ئەوەی کەهیدایەتی مەلا عەلی هاواری لێ هەستاوەو دەڵێت یەکێتی‌و پارتی دەیانەوێت کورسی‌و دەسەڵات دابەش بکەن‌و سەروەت‌و سامانی خەڵکی کوردستان بەفیڕۆ بدەن‌و خۆی وتەنی کەپارتی‌و یەکێتی یەکبن خوێنی خەڵك دەمژن‌و یەکیش نەبن خوێنی خەڵکی دەڕژن. ئێمەی کورد ئەو راستی‌یە ئەزانین کەیەکێی‌و پارتی لەگەڵ ویستی گەلەکەیاندا نەبوون بەڵام خراپترین دەسەڵاتی کورد زۆر لەئێوە دڵسۆزترن هاوڕێ هیدایەتی حیکمەتی ئەو راستیانەی سەرەوەت نابێت لەبیر بچێت کەلەناو گروپەکە تا هەیە ئەوەش بزانە کەیەکێتی‌و پارتی حیزبن‌و سیاسەت ئەکەن وە بەوەفاو دڵسۆزن بۆ کادرو ئەندامەکانیان هەر ئەوانیشن ئێستا داکۆکی کەرن لەکورد نەك تۆو ئاغاکانت لەهەندەران ئەگەر حیزبە کوردی‌یەکان گەندەڵ بن ئەوەش ئێوەن جەنابیشتان بەناوی یەکی ئایارەوە پارەتان لەخەڵکی رەش‌و رووتی

**هەڵەبجە وەردەگرتو دوای 1ی ئایار وەزعتان ئەبوژایەوە وەك نوکتەکەی کەهاوڕێکانت لەسەریان دروست کردبووی کەدوای هەموو یەکی ئایارێك پاسکیلێکت بۆ مناڵەکەت ئەکڕی نامەوێت زۆر شتی تر بڵێم بەڵام دەمەوێت سنوری خۆتو رابردووی خۆت بزانی وە ئەو بەیان نامانەت لەبیر بێت کەڕەسمە گەورەکانتی پێوە بوو بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئەوروپایەی کەئێستا تێیدا دەژیت وەئەوەی تۆ ناوت لێناوە بزوتنەوەو بەدیلو ئاسۆو ئامانجی جیاواز کەگروپەکەت رابەرایەتی دەکات بەقەولی خەڵکی سلێمانی فشە فشەو سەدان ساڵی دیکە حیزبە کوردی‌یەکان لەسەر ئەم سیاسەتە ئێستاشیان بەردەوام بن هێشتا خەڵك ئەوانی لەئێوە پێ باشترە خۆشتان ئەزانن بەفشە هیچ دروست ناکرێت.**